# هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ئاوێنەی ڕۆژهەڵاتدا

ئا: هیوا فەتحیان
(سەقز)

## پێشەکی

دەڵێن مرۆڤ هەرکات پەژارە و مەینەت، تەنگی پێ هەڵدەچنێ و ڕووناکایی نامێنێ، لە دڵیدا زۆرتر پەنا بۆ دوو شت دەبا: مۆسیقا و گاڵتە. ئێمەی کوردیش لە ژێر سایەی ڕەنجی نەبڕاوەماندا، لە گۆرانی و گاڵتە و قسەی خۆشدا گەلێک دەوڵەمەندین. مامۆستا هەژار وتەنی: «چیای سەر بە تەم»ین. هەڵبەت دەوڵەمەندیی ئێمە لە مۆسیقادا، لەگەڵ دەوڵەمەندیی وڵاتانی دیکەدا جیاوازی هەیە. دەوڵەمەندیی ئەوان هی قۆناغی دوای دەرچوون لە خەمی نان و هی ئەو کاتەیە، کە دەستی ماندوویان ناوەتە سەر زگی تێر و لە هەموو بوارێکدا، بە تایبەت ئابووری گەشەیان کردووە و بە کورتی لە لووتکەدان، بەڵام لە لای ئێمە، مۆسیقا دەرمانە بۆ سارێژکردنی زامە نەبڕاوەکانمان، کە شان بە شان و بە درێژایی مێژوو، وەک برا لەگەڵماندا هاتوون.

مۆسیقای ئێمە ڕەنگدانەوەی هەزار خۆزگە و حەز و بریایە، ڕەنگدانەوەی هەزاران تابلۆی نەکێشراوەیە، ڕەنگدانەوەی هەزاران هاواری خنکاوە و... حەسەن زیرەک کوڕی ئەم میللەتە، ڕۆژ بە ڕەنج تەنراوە بوو، لەگەڵ پەژارە و مەینەت لفە و دوانە بوو. چۆن دەبێ کێوێک لە دەرد و ڕەنج لە شانت بار بێ و پەنا بۆ مەیی گۆرانی نەبەی؟ گۆرانی بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک، مەی بوو بۆ ساتێک لە بیرکردنی گشت ئازارەکانی. هۆی ئەوەی کە حەسەن زیرەک نامرێ و هەر زیندووە، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم نەتەوە هەژارە ژیاوە. خۆشی و ناخۆشیی ئەوانی بە ئێسکوپرووسکەوە لە نزیکەوە چەشتووە، هونەر هیچ کەڵکێکی تاکەکەسی پێ نەبەخشیوە، ئێمەش وەک زیرەک کە ناخۆشی و پەژارە تەنگمان پێ هەڵدەچنێ، پەنا بۆ مۆسیقا و گۆرانی دەبەین، سا بەشکەم بارێکمان لێ سووک بێ و سووکیش دەبێ و بۆ



**حەسەن زیرەک**

ژیانی نێو بەردەڵان و پڕ پەژارە، دەبێ بە تێشووی ڕێ:

**سدیق تەعریف (گۆرانیبێژ):**

هونەرمەند حەسەن زیرەک لە جوگرافیای کوردستاندا، یەکێک لە کاریگەرترین و داهێنەرترین گۆرانیبێژانی سەدەی ڕابوردووی مۆسیقای کوردییە. هەستی زەرف ناسی و زانستی زاتی مۆسیقایی و لێهاتوویی لە ئیجرادا و بە گشتی هۆندنەوەی شیعری گۆرانی، لەسەر میلۆدی و ئاهەنگی جۆراوجۆر، لەو تایبەتمەندییانەن کە ئەو هونەرمەندە، خاوەنیان بووە و شیعری زۆربەی میلۆدی و گۆرانییەکانی، بۆ خۆی داناون. لەوەش گرنگتر ئەمەیە کە مامۆستا بە شێوازێکی زۆر بەرچاو، لە تۆمارکردن و ئیجرای ڕاستەوخۆی مۆسیقاییدا، خاوەنی لێهاتوویی و بەهرەی بیداهەیی بووە. هەم گوێ گرتن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئاهەنگەکانی و هەم دان پیانانی کەسایەتی میلۆدی ساز و ژەنیاری وەک مامۆستایان (حەسەنی یووسف زەمانی) و (موجتەبای میرزادە) شاهیدی ئەم ڕاستییەن. نابێ لە بیرمان بچێ ئەو هونەرمەندە هەڵکەوتە و بلیمەتە، هەروەها یەکێک لە تێکۆشەرانی بواری کۆکردنەوەی بەستە و میلۆدی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیشە. ئەو جۆرەی دەگێڕنەوە، حەسەن زیرەک هەرچەند لە دایکبووی شاری بۆکانە، بەڵام زۆربەی کاتی ژیانی خۆی، لە گەڕان و سەفەرکردندا بووە و شار بە شار و دێ بە دێ، بە دوای کۆکردنەوەی بەستە و میلۆدی کۆن و سامانی مۆسیقایی خەڵکی کورددا سەرگەردان بووە. دوایيش هاتووە و زۆربەی ئەو میلۆدییە کۆنانەی، بە ئاواز و بە چەشنێکی داهێنەرانەوە، هەمدیسان خوڵقاندووەتەوە. لە لێکۆڵینەوەی کارناسانەی بەرهەم و ئاساری مۆسیقایی حەسەن زیرەکدا، دەکرێ بڵێم لە بەڕێوەبردن و ئیجراکردندا، یەجگار بەتوانایی و لێهاتوو بووە. ناوبانگی ئەو هونەرمەندە، تەنیا تایبەت بە چوار پارچەی کوردستان نییە، بەڵکو لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕیوە و لە زۆربەی ناوچە تورک نشین و لە نێو فارس و عەرەبەکانیشدا، ناوبانگی ئەو سترانبێژە مەزن و لێهاتووەی کوردستان، لەسەر زمانانە. هونەرمەند ڕەنگە زیاتر لە حەوسەد ئاهەنگی گێڕابێت و لە زۆربەی بەرهەمەکانیشیدا، ڕاوێژ و شێوازێک لە خوێندن بە کار دەهێنێ، کە تایبەت بە خۆیەتی و جۆری ئیجرا و بەکارهێنانی ئەو ستران و مەقامانەش، دەسەلمێنێ کە ئەو گۆرانیبێژە بە دەسەڵاتە خاوەنی ستایلی تایبەتە و قوتابخانەیەکە، کە لاسایيکەرەوە و لایەنگری یەجگار زۆرە. سافی و زوڵاڵی و دڵنشینیی دەنگ، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم گۆرانیبێژە هەڵکەوتەیەی کوردستانە. مامۆستا خاوەنی چریکەیەکی بەهێز و پڕاوپڕ لە خۆباوەڕییە و هەمدیسان لە خۆیدا خاوەنی ڕەنگ و مارکێکی تایبەتە، ئەم شێوازە لە سترانبێژی، تەنیا لە حەسەن زیرەکدا بەدی دەکرێ.

حەسەن زیرەک لە زۆربەی ئەو شارانەی کە بە وتەی ئەوکات، خاوەنی ئێسگەی ڕادیۆ بوون، گۆرانی کوتووە و لە کاتی لاوێتیدا بە پێی پێویست، لە بەغدا ژیاوە و هەر لەو شارە و لە ئێسگەی ڕادیۆی ئەو شارەدا، گەلێک گۆرانی و مەقامی جۆراوجۆری تۆمار کردووە. ئەویش لەگەڵ گرووپ و ژەنیارانێکدا، کە زۆربەیان هەر کورد نەبوون، بەڵکو عەرەبی جوولەکە بوون، بێجگە لە بەغدا، حەسەن زیرەک تەنانەت لە شارەکانی تەورێز، مەهاباد، سنە، تاران و کرماشانیش گەلێک ئاوازی بە نرخی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کردووە. شایانی ئاماژە پێ کردنە کە ئەوکات کە ئیجرا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە و هونەری میکس و پێکەوە نووساندنی وێنە و واژە هەر نەبووە، موجتەبای میرزادە دەیگوت کە حەسەن زیرەک لە کاتی ئیجرا و لە دۆخێکی ئاوادا کە ئۆرکێسترا خەریکی ساز

لێدانە، هەندێک جار کۆخەی دەهات و ناچار دەبوو بە پەلە بچێتە خوارەوە و بکۆخێ و دەمودەستیش بێتەوە پشتی مایکرۆفۆن و درێژە بە گۆرانییەکەی بدا. سەرنج بدەن حەسەن زیرەک هەڵکەوتەی دۆخێکی ئاوا بووە و ڕاستە کە خوێندنی زانکۆ و ئەکادیمی نەبووە، بەڵام لە دانانی میلۆدی و گوتنی شیعری گۆرانیدا، لە ئاستێکی یەگجار بەرزدا بووە. لە بەڕێزان یووسف زەمانی و میرزادەم بیستووە کە حەسەن زیرەک، هەر لە هەمان کاتدا گەلێک ڕستە و واژەی لە گۆرانییەکاندا دەگۆڕی و بە بێ ئەوەی بهێڵێ مۆسیقای ئاوازەکە تێک بچێ، کێشی گۆرانییەکەی دەهێناوە سەر ڕیتمی سەرەکی خۆی. حەسەن زیرەک یەکێک لە باشترین هونەرمەندانی قوتابخانەی هۆنینەوە لە کاتدا (سرایش در لحظه)یە. ڕیتم و کێش و زەرب ناسی حاشاهەڵنەگری هونەرمەند، دیسان دەکرێ وەک تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی هونەری ئەو پیاوە بلیمەتە سەیر بکرێ. ئەوەی بە لای منەوە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندە گەورە و داهێنەرە، چ لەگەڵ ئۆرکێسترای ناوچەیی و بچووک و چ لەگەڵ ئۆرکێسترای گەورە و میللیدا، وەک یەک و بە شێوازێکی هونەری و بە هێز، گۆرانی دەڵێ و لەگەڵ ئۆرکێسترای گەورە و میللیدا، هەرگیز کەم ناهێنێ، هەروەها هەستی سترانبێژی ئەو هونەرمەندە بە توانستە، بە تەواوی لەگەڵ هەستی ئەو ئۆرکێسترا گەورانەدا سازگاری هەیە. لە ئۆرکێسترا و گرووپەکاندا، ئەو خاتوونانەی کە بەشدارییان لەگەڵ حەسەن زیرەکدا کردووە، زۆربەی زۆریان هەر کورد نەبوون و خودی زیرەک فێری کردوون کە چۆن وشە و واژە ئەدا بکەن و زۆرترین هەوڵی داوە، ڕاوێژێکی باش لە سترانبێژیی کوردی بە دەستەوە بدەن. مامۆستا حەسەن زیرەک بە شایەتی گۆرانییەکانی، مرۆڤێکی ئاشق بووە، ئاشقی ستران و مۆسیقا، کە لە کاتی بەڕێوەبردندا کوڵاوە و سووتاوە. بەردەوام لیپاولیپ لە هەست و نەستی گۆرانیبێژی بووە و سەرجەمی بەرهەمە تۆمار کراوەکانی، باشترین شوناس بۆ کەسایەتی خۆی و مۆسیقای هاوچەرخی کوردین.

**فەتاح ئەمیری (نووسەر):**

بە بڕوای من حەسەن زیرەک چارەڕەشترین و مەزڵومترین هونەرمەندی کورد بووە. لە شاری تەورێز و لە سەردەمی شا، گۆرانیبێژێکی ئازەری بە ناوی خانمی (زەڕگەری) کۆنسێرتێکی دەبێ، حەسەن زیرەک بە هەڵکەوت دەچێتە ئەو شارە و ئەو کۆنسێرتە. هۆڵ پڕ دەبێ. زەڕگەری ئاهەنگێک بە ناوی «گولدر، مەنی گولدر» پێشکەشی خەڵکەکە دەکا. کارەکە دەیگرێ. خەڵکەکە زۆری چەپڵە بۆ لێ دەدەن و تکا دەکەن، ئەم گۆرانییە دووبارە کاتەوە. خانم زەڕگەری دەڵێ: «ئیزن بدەن دوای پشوویەک دێمەوە سەر سەکۆ». بەرەو هۆدەی حەسانەوە دەڕوا. حەسەن زیرەک بە شوێنی دەکەوێ. بە جلوبەرگی کوردییەوە، لەبەردەمی دەچەقێ. خانم زەڕگەری دەڵێ: «فەرموو چ کارێکت هەیە؟».

حەسەن زیرەک: «خانم دەمت خۆش بێ، دەمەوێ ئیزن بدەی کە هاتییەوە سەر سەکۆ، ئەم ئاهەنگەت بە کوردی لەگەڵ بەڕێوە ببەم».

خانم زەڕگەری: «ئەم ئاهەنگەت لە کوێ بیستووە؟».

حەسەن زیرەک: «تەنیا لە تۆ و هەر ئەمڕۆ».

زەڕگەری: «چۆن شتی وا دەبێ؟ من لانی کەم مانگێکە مەشقی لەسەر دەکەم!».

زیرەک: «یەزد دوورە و گەز نێزیک».

زەڕگەری: «نموونەیەکم بۆ بڵێ!».

زیرەک یەک دوو بەندی بۆ دەڵێ و سەروبەندەکەی دەکاتەوە ئازەری.

خانم زەڕگەری: «تۆ کێی؟».

زیرەک: «حەسەن زیرەک».

زەڕگەری زۆری ڕێز و حورمەت دەگرێ، لەگەڵ خۆی دەیباتە سەر سەکۆی ئاهەنگ و تێروتەسەل، ئاهەنگەکە بە ئازەری و کوردی دەڵێن. کە خەڵکەکە دەزانن ئەو کوردە حەسەن زیرەکە، هێندەی دی چەپڵەڕێزان دەکرێن. پاش یەک دوو ڕۆژان، ئەو گۆرانییە دەکرێتە قەوانی گرامافۆن و بە تەواوی ئێران وەردەبێ. ئەو قەوانە یەکێک لە پڕفرۆشترین کارەکانی ئەو دوو گۆرانیبێژە بوو. من پێم وایە هونەرمەند حەسەن زیرەک چەشنێک نبووغی مۆسیقایی تێدا بووە، وتوویژ لەگەڵ موجتەبای میرزادە، شایەدی ئەم بۆچوونەیە کە گوایا گوتوویە: «حەسەن زیرەک منی فێر کرد».

**حەسەن دەرزی (گۆرانیبێژ):**

خاوەنداریەتی حەسەن زیرەک لە هونەردا، بۆ مێژوویەکی لێوڕێژ لە عەشق و مرۆڤایەتی و ئازادی، هەروەها بۆ مێژوویەکی دوور لە کەند و کۆسپ و چوارچێوەی دەستکرد و بەرتەسکی خورافیات و کۆنەپەرستی دەگەڕێتەوە. هونەری ئەم هونەرمەندە مەزنە،

بۆ مافە ڕەوا و سروشتییەکانی خۆتت دەباتەوە، کە لێیان سەندووی و لە گۆرانییەکانیدا، ئافرەت کە لووتکەی ئەوین و تامی شیعر و شیلەی ژیانە، نەک هەر مافی پێشێل نەکراوە، بەڵکو تاریف لە هەموو جوانییەکانی دەکرێ کە شایانیەتی. زیرەک بە خوێندنی ئەکادیمی و زانیاری، خاوەنی ئەو لێهاتوویی و شارەزاییە نەبووە، بەڵکو هونەرەکەی جۆرێک هەڵقوڵێن لە کانگایەکی خەستی هەستی سروشتە و من وەک خۆم، هونەرمەند حەسەن زیرەک بە ئاو و خاک و نەورۆز و چاوی نەتەوەکەی دەچوێنم کە گیانداران و هەست، ئەم دیاردە مەزنەیان بە ژیانی کوردەواری بەخشیوە. زیرەک سەرانسەر ڕووناکییە و هەتا هەتایە ڕووناکی دەبەخشێ و هەرگیز کۆتایی نایە. دەکرێ بڵێم ناسنامەی نەتەوەی کوردە و تاجی ناوەتە سەر سەری نەتەوەکەی. هونەری زیرەک لەگەڵ ئاو و خاک و سروشتدا، تەواوکەری کەرەستەی ژیانی کوردەوارییە و ژیانی کوردەواری بە هونەری حەسەن زیرەک ڕازاوەتەوە. کاتێک ئەو بلیمەتە لە جیهانی مۆسیقادا پێی نایە ژیانەوە، گوڵی بەختی کوردەواری پشکووت. زۆرجار ئەو سۆز و دەنگ و ئاوازانەی زیرەک، وەهات دەپێکێ و شاتاوڵ بۆ ڕوحت دێنێ و وزەت پێ دەدا، کە ناتوانی بە چەند وشەی بە هێز و بە پێز و ڕازاوەش، ئەو دیاردەیە تاریف بکەیت. دەتوانم بڵێم وشە لە تاریفیدا هەڵدەپرووکێ و هونەری زیرەک کتێبخانەیەکی مێژوویی مەزنە و فێرگەیەکی لە بن نەهاتووی لێوڕێژ لە عەشقە، کە بۆ من پەرستگایەکە.

**هادی حەبیبی (شاعیر و نووسەر):**

هونەری مۆسیقا و ئاواز لەگەڵ داهێنانی شیعریدا، دوو دەسەڵاتی دەروونین، کە هەموو کات تەواوکەری یەکترین و بە درێژایی مێژووش هەر بە یەکەوە، لە پێوەندیی نزیکدا بوون. بە واتایەکی دیکە کاتێک مێلۆدییەک دەخولقێ، لە بنەڕەتدا دەسکەوتی دوو هێزی شیعر(کەلام) و مۆسیقایە، کە لە ڕێگەی هارمۆنییەکی هونەرییەوە دەخرێتە ڕوو. مامۆستا حەسەن زیرەک هەم بۆ خۆی هەڵکەوتە و بلیمەتێکی هونەری بووە و هەمیش بە بۆنەی هەندێک گرووپی مۆسیقایی و بە تایبەت ئۆرکێسترای تاران و کرماشانەوە، کە خاوەنی ژەنیار و مێلۆدی سازی وەک میرزادە، عەبدوسەمەدی، شەهناز، کەسایی، یووسف زەمانی و...تاد بوون، توانیویەتی بەشێکی گرنگ لە فۆلکلۆری کوردی، لە ڕێگەی سترانەوە سەرلەنوێ تۆمار بکاتەوە و بۆ هەتا هەتایە لە مەترسیی فەوتانی ڕزگار بکا، بێجگە لەوە مامۆستا تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو، گۆرانی و مەقامی سەربەخۆ و تایبەتی تۆمار کردووە و موڵکی مۆسیقای کوردی پێ ئاوەدان کردووەتەوە، بێ گومان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی مۆسیقای کوردی، هەمان جەرەیانی تێکەڵاو (تلفیق)ی شیعر و مۆسیقایە و دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە کە مامۆستا حەسەن زیرەک بە جەسارەتێکی هونەرییەوە، خۆی تێدا تاقی کردووەتەوە و سەرکەوتووش بووە. زیرەک سیمبۆلی مۆسیقای کوردییە. دەنگی بە سۆزی، زایەڵەی هەژاری و بێکەسی و غەریبییە. ئەوینە، ئەوین! هونەرمەند بە بەستەی خۆی، کە زۆرتر لە وردە باران، یان کانیاوێکی با سەفا و بێگەرد دەچێ، بەردەوام ڕوحی نەتەوایەتی و مۆسیقای میللی ئێمەی زاخاو داوە. هەر پاژێک لە مۆسیقای زیرەک، دڵۆپە شەونمێکە و بە سەر ڕوومەتی گەڵاکەیەوە قەتیس ماوە. نەغمە و فەریادێکە و لە دڵی ڕوونی دەریاوە سەرچاوەی گرتووە. هەستێک ناسکتر لە دڵی پەپوولە و دەنگێک گەرمتر لە تیشکی خۆرەتاو، کە هەر جارێک زیاتر لە جاری دی کە دەیبیستین، تەژیمان دەکاتەوە لە عەشق و جوانی. زەمزەمەی زوڵاڵی زیرەک، خوێن دەخاتە گەڕ لە نێو دەمارمان و بەهارێکی سەرسەوز دێنێتە ماڵمان، هەرچەندە بیر دەکەمەوە، زیاتر بەو قەناعەتە دەگەم کە حەسەن زیرەک، نەک تەنیا جیلوەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە مۆسیقا، بەڵکو خودی مۆسیقایە.

**عەزیز شاهرۆخ (گۆرانیبێژ):**

هونەرمەند حەسەن زیرەک ڕەوانی شاد بێ، دیارە ئەوە قسەی من نییە، بەڵکو قسەی نەوەد لە سەدی، خەڵکی کوردە، کە هونەرمەندێکی یەگجار بەرز و باڵایە و لە بواری هونەری ئاواز و مۆسیقاوە، لە پلەیەکی زۆر بەرزدایە. دەنگی مامۆستا، دەنگێکی خەڵک پەسندە و لە بواری گۆرانیشەوە، دەنگێکی تایبەتە. دەتوانم بڵێم حەسەن زیرەک گۆرانی کوردی بە شێوازی خۆی گوتووە و من پێم وایە یەکێک لە ناسراوترین کەسایەتییە، کە لە نێو مۆسیقای کوردی و نەتەوەی ئێمەدا هەڵکەوتووە و بە تێکڕایی بۆ هەمووومان جێی شانازییە.

**ڕەحیم لوقمانی (شاعیر):**

بە ڕای من حەسەن زیرەک جیا لەوەی کە گۆرانیبێژێکی

گەورە و بێ وێنەیە، گەورەترین ئوستوورەی مۆسیقای کوردستانە و وەک پێناسەیەکی مێژوویی، فەرهەنگی و فۆلکلۆری میللەتێک دەبێ چاوی لێ بکرێ. کە گوێ بۆ گۆرانی حەسەن زیرەک ڕادەگرین، بەسەرهات و فەرهەنگ و مێژووی میللەتێکمان دێتەوە بەرچاو. هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردەواری لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە. وەک چۆن لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا، گوێ بۆ سیتارێکی هیندی دەگری، یەکسەر فەرهەنگ و ژیان و سروشتی هیندوستانت دێتە بەر چاو؛ ئاوهاش گۆرانییەکانی زیرەک ڕەنگ و بەرامە و ژیان و سەربوردە و سروشت و چیاکانی کوردستان پێناسە دەکات. جگە لەوەی کە دەنگی بووەتە هێمایەکی ڕەسەنی فەرهەنگی کوردی، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وشە و فۆلکلۆر و ئاواز و ژیانی کوردەوارییە. دەنگ و ئاوازی بە چەشنێک کوردانە و ڕەسەن بووە، ئەگەر ئاوازێکی بێگانەشی بە کوردی چڕیبێ، بە جۆرێک کورداندوویە و ڕوحی کوردی وەبەر کردووە کە خاوەنی ئاوازەکەش وا دەزانێ لە بنەڕەتدا کوردی بووە. بۆ حەسەن زیرەک هەر ئەوەندە بەس بێ، کە پاش دوو بەرە هەموو هونەرمەندانی دوای خۆی، هەر لەسەر سفرەی دەوڵەمەندی ئەو، نانی ئاواز دەچڕن و دەستندەخۆریی گۆرانییەکانی ئەون. بە ڕاشکاوی دەتوانم بێژم هەتا دەیان ساڵی دیکەش، هیچ کەس ناتوانێ سنووری دەسەڵاتی ئەم هونەرمەندە مەزنە ببەزێنێت، ئەمەش پێمان دەڵێ کە هونەرمەندی مەزن، لە ناو ئاواز و ژان و عەشقی کۆمەڵی کوردەواریدا قاڵ بووە و بانگ و هەناسەی ئاوازەکانی، سۆز و هاواری خۆی و میللەتەکەی تێدایە. ئەمە تایبەتمەندیی هونەرمەندانی گەورەیە و بە داخەوە زۆر لە بەرەی تازەی ئەمڕۆ بە ناو هونەرمەند، لە لاسایی بێ بنەما و هاواری بێ ڕوح و کلیپی بێ گیان بەدەر، نەیانتوانیوە هەر بە تاکە ئاوازێک، لە ناو ڕوح و دەروونی بەردەنگی خۆیان ڕەگاژۆ بکەن. لە نێو خەڵکی ئەڵماندا، هونەرمەندێکی گەورە هەبوو بە ناوی "ڤاگنەر" کە زۆرترین کاریگەیی لەسەر هەموو تاکێکی ئەڵمانی دانابوو. هیتلەر ئەوەندەی خۆش دەویست و وابەستەی ئاوازەکانی بووبوو، دەیگوت: «هەرچی گوێی بۆ ڕادەگرم، بە هەست و نەست و ڕوح، زیاتر هەست بە ئەڵمانی بوونی خۆم دەکەم». تەنانەت گوتبووی: «هەرکەس ئاوازەکانی ڤاگنەر کاریان تێنەکا و نەیانهەژێنێ، ئەوە نەتەوەی ئەڵمانی نییە!». لەسەر هونەری هەرگیز نەمری مامۆستا حەسەن زیرەک، با منیش ئەمە بڵێم: هەرکەس دەنگ و ئاوازی حەسەن زیرەک نەیهەژێنێ و کاری تێنەکا، لە کورد بوونی خۆی گوماندار بێت...!

**مەسعوود یارە (گۆرانیبێژ):**

هونەری بەرزی بێژەری بێجگە لە ژیری، ئازایەتی دەوێ. ئەو دوو دیاردەیە ڕێزانە و خەلاتێکە، کە لە بری ڕەنج و مەینەتی و ئازار، بە هونەرمەند حەسەن زیرەک دراوە و دەبێ دیاردەیەکی پێ زیاد کەین و ئەویش داهێنەرییە. ئەوپەڕی هونەر ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ بە باشترین شێوە، دەروونی خۆی پێ دەربڕێ. ئەم ڕستەیە بە قەولی کورد گوتەنی: پڕ بە پێستی هونەری بەرزی زیرەکە. زۆربەی زانایانی بواری مۆسیقا، دانیان بەوەدا هێناوە کە هونەرمەند بەرزترین بەستەبێژی مێژووی مۆسیقای کوردییە، بەڵام کەمتر باس لە کورتە مەقامەکانی کراوە. بە بڕوای من مامۆستا لە گوتنی کورتە مەقامەکانیدا، ئەوپەڕی ژیری و دەتوانم بڵێم داهێنەری بەکار هێناوە. خاڵی گرنگ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە شیعری زۆربەی ئەم کورتە مەقامانە، لەگەڵ ناوەڕۆکی هونەری و مۆسیقایی بەستەکەدا، بە تەواوی پێوەندییەکی بەهێزیان هەیە. بۆ وێنە: لە بەستەی (دوگمەت داخە)دا، کە لە سێگای یەتیم، یان بەیاتی شیرازدا خوێنراوە، مامۆستا بە دوو دێڕ شیعری نالی، بیسەر وا لێدەکا کە زۆرترین چێژ لە بەستەکە وەرگرێ. چەند وێنەی دیکەی وەک (دەمێک ساقی دەمت بێنە)، (گوڵ ئەندام)، (نەماوە تاقەتی ژینم) لە وەفایی، لەم نموونانەن کە مامۆستا لە مەقامی ڕاستدا خوێندوویەتی و لە باری زانستی مەقام و شێواز و فۆرم و پێوەندیی شیعر و مۆسیقا و دەربڕیندا، بێ هاوتان. وێنەیەکی بەرزتر لە بەستەی (خۆم بە غولامی) لە بەیاتی زەند، گۆشەی (میهرەبانی)دایە، کە هونەرمەند زۆر زیرەکانە ڕایگواستووەتەوە نێو مۆسیقای کوردی و لەگەڵ ئۆرکێسترای تاران تۆماری کردووە. لەوێشدا کورتە مەقامێکی لەسەر شیعرێکی (کەمالی) خوێندووە. (مانگی یەک شەو بۆیە دایم...) کە بە دوو دێڕ، بیسەر لەگەڵ خۆیدا دەبات و هەستێکی یەکجار خۆش لە دڵیدا جێ دێڵێ. ئەو کورتە مەقامانە زۆرن و وەک ئەستێرە لە ئاسمانی مۆزیکی کوردیدا دەدرەوشێنەوە و بێ وێنە و تاقانەن. ئاخۆ کەس هەبێ بە بیستنی ئەم کورتە مەقامانە، دڵی نەلەرزێ و وردە فرمێسک هەڵنەڕێژێ؟